# رۆشنبیری ژن و کۆمەڵگا



ئەمیرە ئەسعەد عەلی

باسکردن لە ڕاددەی بەرزیو نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ژنان لەم دەڤەرە وا ئاسان نیە، بە تایبەت بتوانین لە بابەتێکدا ئەم لایەنە گرنگەی ژنان بخەینە ڕوو، چونکە نەك تەنها ژنانمان، بەڵکو کۆمەڵگاکەمان بە گشتی بە هەموو چین و توێژەکان کەموکورتیان لەم لایەنە هەیە.

ئەگەر سەیری بکەین و سەرژمێریەك بکەین، ژمارەیەکی یەکجار زۆری ژنان لە دەڤەری سۆران لە دەرەوە کار دەکەن، جا ئەم کارکردنە چ لە دەزگا حکومیەکان بێت یان لە سەنتەرو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان یان لە ڕێکخراوەکانی مەدەنی بێت، ئایا ئەو ژنانەی لە دەرەوە کار دەکەن لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو ژنانەی لە ماڵەوەن.

من دەڵێم چ جیاوازی ئەوتۆیان نیە، چونکە ژنی ئێمە، کارکردنی لە دەرەوە تەنها بۆ باش کردنی بژێوی ژیانە، من ناڵێم ئەمە گرنگ نیە، بەڵێ دارایی سەربەخۆ زۆر گرنگە، چونکە ژن لە ڕووی ئابووری ئازاد نەبێ ناتوانێ لە لایەنەکانی تری ژیان ئازاد بێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کارکردنی لە دەرەوە سوودی تری هەبێت، واتا هەوڵدان بۆ کارکردن بە کردەیی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و منداڵان، ئەوە وابزانم ئەو ژنانە جیاوازیان نیە لەگەڵ ژنانی ماڵەوە، کە دەڵێم ئەو ژنانەی لە دەرەوە کار دەکەن وەك ژنانی ماڵەوەن، چونکە ژنانی ماڵەوە زیاتر چەوساوەو کۆتوبەندن.

بێگومان هەر کەسێك زیاتر بچێتە دەرەوەو کاربکات، زیاتر تێکەڵ بە خەڵك دەبێت، زیاتر لە ژیان دەگات و هەست بە کێشەکانی گەلەکەی و ڕەگەزەکەی دەکات، بەڵام خۆی بە خاوەنی ئەو کێشەو گرفتانە نازانێت کە خۆی یەکێکە لە چەوساوەکان و بیرکردنەوەی وایە ژن زەعیفەو پیاو باڵادەستە. دەڤەری سۆرانیش گرفت و ئاریشەی ژنانی گەلەك زۆرە کە پێویستی بە شۆڕشێکی ژنان هەیە، دەبێت ژنانی ڕۆشنبیریش پێشەنگی ئەو شۆڕشە بن.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ژنانی دەرەوە لەگەڵ ژنانی ماڵەوە جیاوازی ئەوتۆیان نیە، دەبێ نموونە بهێنمەوە، دەبینین کۆمەڵێك ژن لە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە ژنان کاردەکەن، ئەمانە هەر بێ کار بوون، ئیتر بەیەکەوە دادەنیشن لە جیاتی بڵاوکراوەیەك، شتێك بخوێننەوە یان لە سەر مەسەلەیەکی گرنگی ژنان گفتوگۆ بکەن، ئەوە بە یەکو دوو دەکەونە باسکردن و زەمکردنی ژنان یان فلانەی برا یان فلانە کەس یان باسی زێڕو پارەو شوکردنی کچان و مۆدێلی جلو بەرگ وقژ....هتد.

کەواتە ئەو ژنانە چ جیاوازیان هەیە لە گەڵ ئەو ژنانەی لە بەر دەرگا دادنیشن و باسی خەڵك دەکەن، باوەڕ بکەن ژن هەیە لەم سنوورە لە ڕێکخراویکی ژنان کاردەکات، گوایە داکۆکی لە مافەکانی ژن دەکات، کەچی شو بە پیاوی بە ژن دەکات. ژنێك لە دەزگای ڕاگەیاندن کاردەکات کە دەبێت ئاستی ڕۆشنبیری و فیکری زۆر جیاوازی هەبێت، لەگەڵ ژنانیتر، چونکە ڕاگەیاندن بە هەموو مانایەکانی بە ڕۆشنبیریبوونە، کەچی ئەو ژنە بەرێزە سەر بە هەوێ شودەکات (مامۆستا، گەنج، جوان) کەچی بۆ پارەو سەروەت شو بە پیاوێك دەکات بە باپیری دەشێت و خاوەن چەند ژنێکە، ئایا ئەمەیە ئاستی ڕۆشنبیری ژنانمان کە لە دەرەوە کاردەکەن، بێگومان ئەمە مشتێ بوو لە خەرواریك.

ڕۆژانە لەهەموو شوێنێك ژن و کچ بەجلو بەرگی مۆدیل نوێ و میکیاژو قژی مۆدیل نوێ دەبینرێن، بەڵام ئایا جلوبەرگو مۆدیل بەو مانەیەیە کە ئەو کچو ژنانە ئازادن. من ناڵێم با خانمان ناڕێك بن، من خۆم یەکێکم حەزدەکەم ژنانمان زۆر گرنگی بەخۆیان بدەن چ لە ڕووی جلو بەرگو چ لە ڕووی خۆ جوانکردن و میکیاژەوە، بەڵام با لەگەڵ ئەو گرنگی دانە لەڕووی دەرەوە هەوڵ بدرێت بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن، یا ئەمانە شتیان پێبێ بۆخزمەتکردن بەرەوشی ژنان و لایەنەکانی تری ژیان.

من ناڵێم ئێمەی ژن بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریمان بەرز بێت، بۆئەوەی ئازاد بێت، ئازادی بەمانای بەرەڵایی و جلو بەرگ پۆشین و چوونە دەروە نا، بەڵکو ئازادی لەهزر، ئازادی لە بەپیاو سالاری، ئازادی لەکەلتورو دابونەریتە بۆگەنەکان کە ژنی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی ئێستا کە بەپلە دوو و زەعیفە سەیر بکرێت.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەم، دەبێ ئەو ژنانەی لە دەرەوە کاردەکەن، لەهەموو ڕویەکەوە جیاوازیان هەبێت، لەگەڵ ژنانی ماڵەوە، چونکە دەڤەرەکەمان لێوان لێوە لەکێشەو گرفت بەتایبەت ئاریشەی ژنان کە پیاو تێیدا باڵادەستە، پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بە بیانووی جۆراوجۆر وەك دابونەریت و کەلتورەکان، سەیرکردنی بێ بەزەییانەی کۆمەڵگا بۆ ژن...هتد.

بۆ گۆرینی هەموو ئەمانە، کۆمەڵگا پێویستی بە ژنی کاراو رۆشنبیر هەیە، بۆ ئەوەی رۆڵی ئەکتیف بگێرن بۆ بەرەو پێشبردنی مەسەلە گرنگەکانی ژنان، من کە لەسەنتەرێك یان رێکخراوێك یان دەزگایەکی راگەیاند کاردەکەم، ئەگەر لەپاڵ بوونی دارایی سەربەخۆم کارێك نەکەم، کە سوودی هەبێت نەك تەنها بۆ ژنان، بەلایەنەکانی تر بێ یان سوود بۆ چین و توێژەکانی تر، ئەوە هیچ جیاوەزی نییە لەگەڵ ژنێکی ماڵ، یان تەنها سوودم بۆخۆم هەیە، نەك بۆ کۆمەڵگا. ئێمەی ژنان لەجیاتی ئەوەی رۆژ تا ئێوارە بخەوین یان لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ بگەرێین، با کاربکەین بۆ ژنان، لاوان، منداڵان...هتد.

با کارێك بکەین سوود بەهەموو لایەك بگەیێنین، بۆ ئەو کارانەش دەکرێت بەر لەهەموو شتێ ئاستی رۆشنبیریمان بەرزبێ دەبێ ئازادبین لەبیرو هزر.

لەوانەیە ئەوەی تۆ دەیلێیت هەروا ئاسان نەبێت، منیش دەڵێم ئاسان نیە، هەموو کارێك ماندوبوونی دەوێت، دەکرێ تۆ بتەوێ سکی برسیت تێر بەکەیت، بەلام ماندوو نەبیت؟ کەواتە هەموو کارێك ماندوو بوونی دەوێت یان دەتوانین بەشتی سادە هەوڵی گۆرینی زۆر لەکەلتورەکان و دابونەریتەکان بدەین. من کەسێکی رۆشنبیرم لەکاتی شوکردنم رازی نابم خۆم بفرۆشم (٥٠ ـ ٦٠) مسقاڵ زێر یان بەپارە، کە من وامکرد یەکێکی ترو دوانیتر، من کارم نییە بەوەی کۆمەڵگا قسەم پێ دەڵێت یان نا ، من بڕوا بەخەڵك دەهێنم کە کارێکی باشم کردووە خۆمم نەفرۆشتوە.

## " ئێمە لەزۆر شت یەخەی پیاو دەگرین کە دەمانچەوسێنەوەو غەدرمان لێدەکەن، کەچی هەر بەخۆمان رێگە خۆشکەرین بۆ ئەمانە "

یان ئەگەر هیچمان بێ نەکرێت خۆ دەتوانین شێوازی هەڵەکانی پەروەردەیی منداڵانمان بگۆرین، ئێمەی دایك یان ئەوەتە کە کچن شویان نەکردووەو هەست دەکەن دەچەوسێنەوە، خۆ دەتوانن ئەو پەروەردە سەقەتە بگۆرین، کەکچو کوڕانمان هەر لەمنداڵیەوە گیرۆدەی دەبن. پەروەردەی نەوەی داهاتوو ئەرکی ئێمەیەو زۆر گرنگە منداڵەکانمان لەسەر شێوازی زانستی و دروست گۆش بکەین، نەوەی داهاتوو دوور لەعەقلیەتی باوك سالاری و عەقلی خۆمان پەروەردە بکەین، ئەم گۆشکردن و پەروەردەکرنە لەدوای یەك ساڵی دەبێ، کەنابێ ئەوان وا فێر بکەین کە جیاوازی نێوان کورو کچ هەیە، لە هەموو شتێك دەمەوێت لەبابەتێکی تر ئەمانە باس بکەم، بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە دەرنەچم.

ئێمە لەزۆر شت یەخەی پیاو دەگرین کە دەمانچەوسێنەوەو غەدرمان لێدەکەن، کەچی هەر بەخۆمان رێگە خۆشکەرین بۆ ئەمانە وەك پەروەردە کردنی منداڵ، چونکە پەروەردە کردن بەپلە یەك ئەرکی دایکە، چۆن بمانەوێت وادەتوانین گۆشیان بکەین.

لێرەدا دەڵێم دایك ـ مامۆستایە ئەرکی قورسیان لەسەرە کە منداڵەکانیان بە شێوەی زانستی دوور لەکەلتوری پیاو سالاری پەروەردە بکەن. کچان و کورانمان هەر لەتەمەنی زووەوە بە رۆشنبیر بکەین، ئەمەش ئەرکی کەسانی رۆشنبیرو دایکانی رۆشنبیرە. ئەگەر بڵێن کوردستان بەرەو بەمەدەنی بوون و یەکسانی ژن و پیاو هەنگاوی ناوە، ئەوا هەڵەمان کردووە تا یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەز نەچەسپێ، وە کۆمەڵگاکەشمان پێش ناکەوێت. ئەو هەموو توندو تیژی و رەشە کوژی و خۆ سووتاندنەی هەیە کە خۆی لە نزمی ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی کورد دەبینێنەوە.

هەنگاوی دیموکراسی و بەمەدەنی بوون، بەبەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری دەبێ بەتایبەت ژن، دیموکراسی بەپەروەردەکردنی نەوەکانە بە عەقلێکی نوێ، ئەمەش بە پلە یەك ئەرکی ژنانە کە هەوڵبدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری، ئەویش لەرێگای خوێندنەوەو نووسین و وەلانانی عەیبە و کلتوورو دابو نەریتەکان، هاتنە مەیدانی کارکردن بەکردەیی چەندەها رێگای تر، با ژنانمان چاویان لەوە نەبێ پیاوان بێن و بلێن ها ژن ئەوە مافەکانی تۆ، بەڵکو دەبێ خۆمان هەوڵ بدەین بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان، هەموو کارێکیش قوربانیدانی دەوێ.